# زمان لەقانونو دادگای تاوانەکانی ئەنفالدا

**شەفیقی حاجی خدر**

Shafiq68@gmail.com



دادگای تاوانەکانی ئەنفال بەگوێرەی بریاری ژمارە 10 ی ساڵی 2005 ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق بەناوی قانونی دادگای تاوانی عێراقی باڵا وە دەرچوە.

ئەو قانونە لە 40 مادە پێکهاتوە. هەروەها بۆ تەواوکردنی ئەو قانونە کۆمەڵێک رێسا بەناوی رێسای پێواژۆو کۆکردنەوەی بەڵگەی تایبەت بەدادگای تاوانی عێراقی باڵاوە کە لە پێکهاتوون لە 70 رێساو لە رۆژنامەی –الوقئع العراقیة– لە 18–10–2005دا دەرچوە.

پێش ئەو قانونە قانونێکی دیکە بەبریاڕی ژمارە(1)ی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی لەساڵی 2003 بەلەخۆگرتنی 38 مادەوە بەناوی قانونی دادگای تاوانی عێراقی تایبەتمەندد دەرچوو، بەڵام لەگەڵ دەرچونی قانونی 2005 و بە پێی ماددەی 37ی قانونەکە قانونی پێشتر هی سەردەمی ئەنجومەنی حوکم هەڵوەشایەوە.

لەسایەی ئەو قانونو رێسایانەی سەروو دادگا بۆ تاوانبارکراوەکانی عێراقی سەردەمی نێوان 17–7–1968 تا 1–5–2003 دەرچوو. یەکەم دادگا دادگای دوجەیلو بوو. دادگاکە کارەکانی خۆی بەدەرکردنی بریاری زانراو و وەرگرتنی پلەی یەکلاکردنەوە لە دادگای تەمیزەوە بۆ دەرچوو، تەواوکرد.

دادگای دوهەمیش دادگای تاوانەکانی ئەنفالە، کە دەوروبەری 50 دانیشتنی سازداوەو لەسەروبەندی تەواوبووندایە.

ئێمە لەو چەند وتارانەماندا هەوڵ دەدەین لایەنە قانونیەکانی ئەو دادگایە لێک بدەینەوە.

سەرەتاش بەمەسەلەی زمان دەست پێ دەکەین.

ئاشکرایە لەهەر وڵاتێک کە فرەلایەن بێ وەک نەتەوو رەگەزو دینو مەزهەب؛ زمان رۆڵێکی چارەنوسساز لەمەڕ ددانان بەقەوارە جیاجیاکان دەبینێ. چونکە زمان ناسنامەیە. بۆیەکلاکردنەوەی کێشەی زماناسین، دەستوری وڵات بەوپێیەی قانونی بنچینەیی‌و رەوایەتیدەری قانونەکانە، پارسەنگە.

سەبارەت بەلایکردنەوەی دەستوری عیراقی بۆ ئەو پرسە، ماددەی چواری خۆی بۆ تەرخانکردوە. ماددەی ناوبراو لە برگەی یەکەمدا هەردو زمانی عەرەبی‌و کوردی لەعێراقدا بەفەرمی دەناسێنێ. پاشان لە برگەی دوهەمیدا ئەو بەفەرمی بوونە پێناسەدەکا. ئێمە بۆ ئەو وتارە تەنها خاڵی ب و ج مان مەبەستە کەتیایدا دەقەکە وەک خۆی بەعەرەبی دەڵێ ' ب–التكلم والمخاطبة والتعبير فی المجالات الرسمية كمجلس النواب، ومجلس الوزراء، **والمحاكم**، والمؤتمرات الرسمين، بآی من اللغتين.
ج–الاعتراف بالوثائق الرسمية والمراسلات باللغتين واصدار الوثائق الرسمين بهما'.

بەگوێرەی ماددەی ناوبراو بێ **دەبێ** هەر قانونێک دەربچێ ئەو رەوشە پەیرەو بکا. بەڵام کاتێ قانونی دادگای تاوانی عێراقی باڵا دەدردەچێ، بەتەواوی سەرپێچی لەو ماددەیەدا دەکا، بەوەی نەوەک هەر

لەنێو دوتوێی هەر 40 ماددەیەیدا بەلای ناوەڕۆکی ماددەی چواری دەستوردا ناچی، بەڵکو بەزەقی لە مادده 32یدا کەدەقەکەی بەو جۆرە هاتوە' المادة 32: تكون الغة العربية هى اللغة الرسمية فى المحكمة'، سەرپێچی دەکا.

لێرەدا دەکرێ ئەو پرسە بکرێ؛ تاچەند ئەو ماددەیەو کارپێکردنەکانی رەوایە؟ تاچەند دەستوریانەیە؟ کاتێ لەبابەت ئەو ماددەیەدا، ئەوە بگوترێ کەوا هەرهەمان ماددەی 34ی قانونی دادگای تاوانی عێراقی تایبەتمەندی سەردەمی 'مجلس الحكم'ە، ئەوکات دەرفەتی وردبوونەوە لە ماددەکانی قانونەکە نەبوو، مەبەست دەرچونی قانونێک بوو تاکو تاوانبارانی تاوانەکانی پێ دادگایی بکرێ، وەلێ بەپێی قانونی دوەم، قانونەکە لە پەرلەمانی عێراقەوە دەرچوە، بۆیە دەبی لەوێ موناقەشە کرابی، کەچی جێی داخو سەرسوڕمانە، وانا دەستوریانە بۆی دەرچووە.

گەر بێتو پرسی زمان وەک بابەتێکی ناسنامەیی لێک نەدرێتەوە، بەوەی بگوترێ زمان تەنها ئامرازێکی ئاخاوتنو لەیەک تێگەیشتنە، بۆیە ئەو بایەخە چارەنوسسازیەی نیە کە خۆی لەقەرەی ناسانامەبوونی نەتەوەیەک یان گروپیکی کۆمەڵیەتی بدا. بۆ بێ بنەماکردنی ئەو گوتەیە، دەڵیین گەربێتو هەندێ جار بە دابینبونی دەرفەتی ئازادیو دیموکراسیو پەروەردەی تەواو کەلەیەک تێگەیشتن لەکۆمەڵگایەکی تەواو ئازادو یەکسانو دێیموکراتدا وابێ، بەڵام لەزمانی قانونو دادگادا وانیە. هەر ڕستە بگرە دەستەواژەو وشەیەکی، تەنانەت ئامرازیکی پەیوەندی زمان رۆڵی یەکلاکەرەوە لەتێگەیشتنو راڤەکردنی دەقێکی قانونی یان بریارێکی دادگایی دەبێنێ. گرنگیەکەشی زیاتر لەوەدا یە کەراستەوخۆ ژیانی تاکی پەیوەستیدار بە فلانە قانونو بڕیاری دادگایی لەسەر بەندە. بۆیە بەهەند هەڵنەگرتنی پرسی زمانی کوردی لەدادگای ئەنفالدا چاوەڕوانیەکانیان بۆ بەدی نایەنێت.

جێگەی ئاماژە بۆکردنە لەسەر ئەوپرسە نمونە بە دۆکیۆمەنتەکانی نێو یەکیتی ئاوروپا بهێنینەوە، بەوەی دۆکئۆمێنتەکانی تەواوی دەزگاکانی یەکێتیەکە بە دادگای باڵاشیانەوە بەهەر 12 زمانە فەرمیەکەی یەکێتیەکە دەبێ. واتەهەمو زمانەکانی وڵاتە ئەندامەکان زمانی فەرمیو ئۆرژینالن. هەرچەندە زمانی ئینگلیزی زمانێکیجیهانی بێ هاوتایە کەچی لە دۆکیۆمێنتەکانی یەکیتی ئاوروپادا، زمانی فینلەندی کە تەنها نزیکەی چوار ملیۆن کەس قسەی پی دەکەن هاوشانیەتی.

پرسی زمانی ئۆرژینالو فەرمی لەکاتی ناکۆکی و راڤەکردنی دەقێکی قانونیدا بەزەقی دێتە گۆڕی، لەوێدا هەر ئەو زمانە دەخوا کە دەقەکەی پێنوسراوەو سیفەتی فەرمیتی دراوەتی.

ئەوەی کەهەر بەلایەنی زمانەوە پەیوەست بی، ماددەیەکی دیکەی قانونەکەیە خۆی لێبواردوەو باسی نەکردوە، بەمە نۆڕمیکی نێودەوڵەتی پێشێل کردوە؛ ئەویش ماددەی نۆزدەهەمیەتی کەباس لە زامنکارەکانی تاوانبارکراوان دەکا. لەوێدا کۆمەڵێ نۆرمی دادپەروارەانەی نێودەوڵەتی دەقنوسکردوون، بەڵام بەلای ئەوەدا نەچوە کە دەبێ تۆمەتبار لەزمانی سکاڵاکەرانو شاهیدەکان بگا. یان بەواتایەکی دیکە پرسی زمان بەجۆرێک بێتە گۆڕێ کە خاڵێک بۆ برگەی چوارەمی ماددەی ناوبراودا زیاد بکرێ.

خۆگەر بگەڕێینەوە سەر هەندێ بروانامەی نیو دەوڵەتی؛ مەسەلەی لێتێگەیشتنو زمانیان کردۆتە مەرجێکی گرنگ بۆ پیواژۆیەکی دادپەروانەو بێلایەنانەی دادگا. بۆنمونە سەیری مادده 14 بەڵێننامەی نیودەوڵەتی بۆمافە مەدەنیو سیاسیەکانو مادده شەشی رێکەوتنامەی ئاوروپی بۆ مافەکانو ئازادیە سەرەتاییەکانی مرۆڤ بکە.

قانونی دادگای تاوانی عێراقی باڵا لەهەر 40 ماددەکەی بەهیچ شێوەیەک تخونی پرسی زمانو وەرگێڕان نەکەوتوە. وەک ئەوە وایە کەداڕێژەرانی ئەو قانونە لەوە مسۆگەر بن کە دانیشتوانی ئەو وڵاتەی قانونەکەی بۆ دانراوە هەر هەمویان عەرەبن یان هەرهیچ نەبێ عەرەبی زمانی رەسمیانەو بێ کێشە لێیتێدەگەن!

کاتێک لە هەر 70 رێسایە تەواوکەرەکەی قانونیش وردە دەبینەوە؛ دەبینین لەوێدا لە ریسای ژمارە 27دا لەکاتی لێکۆلینەودا لەسەر دادوەری لیکۆڵەرەوە هەیە کە تاوانکار بەو زمانە بدوێ کەتێی دەگا، و لە ریسای 49 شدا باس لە سوێندخواردنی وەرگێڕ دەکا.

لێرەشدا تێبینی ئەوە دەکرێ کە رێساکان هاتون شتێکیان ئافەریدەکردوە بێ ئەوەی  بنەماکەیان لە دەقی قانونەکەدا هەبێ، ئەمە وادەکا بڵێین داڕێژەرانی رێساکان کەسانێک بووبن، هەمان داڕێژەرانی قانونی دادگاکە نەبووبن، یان ئاگایان لەیەک نەبووە. لەلایەکی دیکەەشەوە مەسەلەی سوێندانی وەرگێر واتای بەرەسمی ناسینی زمانە لێوەرگیراوەکە ناگەیەنێ. بۆیە لێرەشدا تیبینی زمانی زاڵ کە بەپیی دەقی قانونەکە عەرەبیە خۆی دێنێتە پێش.

وەرگێر وەک رێسایەکی گرنگ بەتایبەتی لە نێو بازنەی قانونو دادگادا، دەبێ وێڕای سویندخواردنەکەی کەسێکی پیشەیی (پرۆفیشۆنال) بێ. بەڵام ئەوەی لە وەرگێڕانی قسەکانی سکاڵاکەرەکانو شایەتحاڵەکانمان بیست کەمتر سەروکاریان کاری پیشەیی وەرگێڕانی پیوە دیار بوو. بەڵکو وەرگێڕانێکی زۆر سەقەت بوو، هەندێک جاران وەرگێڕان نەبوو، بەڵکو بۆهەڵبەستن یان راڤەکردنی قسەی قسەکەران بوو، کە ئەمە بەهیچ شێوەک مافیان نەبوو. من پێموایە گەر یەکێکی تەواو بێلایەنی کوردی نەزان سەیری پرۆسەی دادگای بکردبا بەتایبەتی باری وەرگێڕانەکە، رەنگبا بەئەنجامێک گەیشتبا، کە زۆر پرسیار لەبەرژەوەندی تاوانبارکراوەکان بکا.

زۆر لەوەرگێڕانەکە لەجیاتی ئەوەی راستەو خۆ قسەکان لەزمانی قسەکەرەوە واتە لەزمانی کەسی یەکەم وەربگێڕێ ، زمانی کەسی دوهەمی بزریان بەکار دەهێنا. جار واهەبو وەرگێرەکە لەشێوەزاری سکاڵاکەرەکە یان شایەتحاڵەکە نەدەگەیشت. ئەوەو هەندێ تێنینی تەکنیکی دیکەی سەبارەت بەوەرگێڕان کەنەدەبوایە وا بووبا.

لەبەر ئەو ئاستەنگیانەی سەبارەت بەزمان گەر هاتباو یەکێک لە داواکارە گشتیەکان کورد بوبایە باشتر دەبوو لەوەی یەکێک لەدەستەی دادوەرەکان کورد بایە. چونکە داواکاری گشتی نوێنەرو زمانحاڵی قوربانیانو تاوان دەرهەقکراوەکانە نەوەک دادوەر. رەنگبێ لەبارێکدا کەدادوەر کورد بێ دەرگای پرسیارێکی نەخوازراو بێتە گورێ بەوەی بگوترێ بڕیاری دادگا بڕیارێکی پێشکاتە یان تۆڵەیە.